

## له پۆرتۆ ئەلگیر(بەرازیل): 300کرێکار له دژی کۆبوونەوەکە، خۆپیشاندانیان کردو (لولا)یش بە ناپاك ناوبرا!

له دژی سیاسەتی نیولیبرالیزمی سەرمایەی جیهانگیر، نزیکەی 200 000کەس، حیزب، ڕێکخراو و ئەکادیمی کۆمونیست و چەپ هەموو جیهان لە(کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی جیهان) له بەرازیل، بەشداریان کرد. پێش هەموو شتێك، 300کرێکاری بەرازیلی (وێنەکەیان)، له دژی" نوێنەر و خەمخۆرەکانیان"خۆپیشاندانیان کرد، چونکە ڕێکخەرانی کۆبوونەوەکە، کرێی کارەکەیان، نەداوە!!



هەزاران کەس لە بەرشداربووان، بە فیکە و هاوار لە دژی سەرۆکی حکومەتی بەرازیل (لولا)ووەزیری گشتوکاڵ(ڕۆزیتۆ)ووەزیری کلتوور(گیل) پرۆتیستۆی خۆیان کرد. لەو کاتەی(لولا)، له سیمیناری (بانگەوازی جیهانی بۆ دژایەتیکردنی هەژاری)، بەشداریکرد، له دەرەوەی سمینارەکەوە، هەزاران کرێکار، بێکار، خوێندکار له دژی سیاسەتی نیولیبراڵە خیانەتکارییەکەی خۆی لە کەرتی ئابووری، کار، سەندیکا و زانکۆکان، ڕاوەستان. شایانی باسە، دوو خوێندکاری زانکۆ کە له دژی سیاسەتی باجوەرگرتن لەسەر فێرکردن، پرۆتێستیان دەکرد، لەلایەن هێزی ئاسایشەوە سەرۆك، دەستگیرکران، و ئیمڕۆ، بۆ ئازادکرنیان، خۆپیشاندان دەکرێ!. لولا، له پاش بەشداریکردنەکەی، کەوتە ڕێ بەرەو کۆبوونەوەی سەرمایەداران لە(دافوس–سویسرا). بەرپرسی ڕێکخستنی کرێکاران و خوێندکاران( لویس کارلۆ پراتیز) گوتی: ((ئەم حکومەتە بۆ ئەوە هەڵبژێردا تا کۆتاییەك بە هەژاری گەلی بەرازیل بهێنێ، کەچی دەبینین، کۆتایی بە برسییەتی خاوەن بانقەکان دەهێنێ بۆ قازانج))!




لەبارەی عیراقەوە، ڕۆشنبیری چەپی بەرازیلی(ئەمیر سەدر) گوتی: (ئێمە پشتوانی لەوانە دەکەین کە بەرگری دەکەن و لە پێناوی عیراقێکی دیموکرات وسەربەخۆ خەبات دەکەن). ئەم دەربڕینە بە هیچ شێوەیەك دڕندە ئیسلامی و فاشیستەکانی بەعس ناگرێتەوە.

ڕۆماننووس پورتوگالی خوسێ ساراماکو(هەڵگری خەلاتی نۆبل) له کۆبوونەوەکەدا گوتی: (ئێمە دەبێ لەم بەیەککەیشتنەدا، بە یەك دەنگەوە بۆ پێشەوە بڕۆین) و لە ڕەخنەگرانی جیهانگیری داوای کرد: (دەبێ کەمتر بدوێین و زیاتر ئەکتسیون بکەین ...دەبێ ڕێگا له پێشێلکردنی مرۆڤ بگرین.) پاش ئەوەی لولا گوتبووی(من خەریکی ئەوەم، ئەجندای دافوس، بگۆڕم)، خوسێ گوتبووی: ( ئەگەر بتوانم ئامۆژگارییەکی لۆلا بکەم، ئەوا پێدەڵێم، با زیاتر گوێ لە گەلەکەی خۆی بگرێ). درووشمی سەرەکی ئەم کۆبوونەوە جیهانییە دەڵێ: (دەکرێ جیهانێکی باشترمان هەبێ) له ساڵانی 2001، 2002، 2003، 2004، ژمارەی بەشداربووان له کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی جیهانی لە هیند و پۆرتۆ ئەلکیر، دەگەیشتە دە هەزار و بیست هەزار، بەڵام ئەمجارەیان ژمارەکەیان گەیشتە سەددان هەزار کەس.

سەرچاوەکان: سایتی دێر ستاندار ئەت و ئیندی میدیا